چاوپێکەوتن لەگەڵ

# مەریوان هەڵەبجەیی

ئامادەکردنی

# گۆران هەڵەبجەیی

بەشی پێنجەم

**لەزانستو لۆژیکدا هێڵی سوور نییە..؟! بوونی هێڵی سوور لەئیسلامدا واتە ئیفلاسی فکری لەبەردەم رەخنەو پرسیاردا..؟!**

**کێشەی سەرەکی لەوەدایە ئیسلامییەکان توانای دژایەتی کردنی چەمکە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەو کایە مەعریفییەکانیان نییە..؟! چونکە لەناو دەقە پیرۆزەکانی ئیسلامیدا نە بنەمایەکی فەلسەفیو مەعریفی هەیە نە زانست.؟!**




**گۆران هەڵەبجەیی : گەر ئاگادار بیت لەلایەن دەزگای تیشکەوە بەنامیلکەیەك وەڵامێکیان بڵاوکردۆتەوە, تۆ چی دەڵێیت؟؟**

مەریوان هەڵەبجەیی : ئەوەی ئەو کتێبەی خوێندبێتەوە جگە لەدوو مەبەست هیچی دیکەی لێ تێناگات, مەبەستی یەکەم خوێنەر تێدەگات هەرچی رق‌و کینەو بوغزو تینی هێرشی خوێناوی هەیە لەدەروون‌و ئاوەزی نوسەرەکەیدا کۆبۆتەوەو گەر بەردەستی بکەوم لەعەبدولخالق خراپترم پێدەکات, مەبەستی دووهەمیش

نوسەرەکەی ویستوویەتی لەرێی وشە سازییەوە رەخنە لەهەموو کتێبەکە بگرێت..!
ئەو دێت لەرووداوێکی گەورەو دوورو درێژدا کەمن چەندین لاپەرەم بۆ نوسیوەو چەندین سەرچاوەم بۆ هێناوەتەوە یەك وشە یان دێرێك دەدۆزێتەوەو دەیکاتە هەراو هێرش دەکاتە سەر کەسایەتیم. ئەو رێکخراوەی ئەم پرۆژەیەی لە ئامێز گرت دە کەس زیاترن و لە تەواوی کتێبەکەیاندا وەڵامی یەك رەخنەیان نەداوەتەوە..!! ئیسلامییەکان پاڵپشت بەیاساکانی بەعس دەڵێن (ئەوەی لەسەر پوچی پێکهاتبێت هەمووی پوچە, جا لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە لێرەدا هەڵەیە کەواتە هەموو کتێبەکەی مەریوان هەڵەیە.) لەکاتێکدا ئەو وشەیەی ئەوان کردوویانە بەرەخنە لەباسی سەرەکیدا نین و زیاتر پەیوەندییان بە شتی لاوەکییەوە هەیەو لەدەقەوە دوورەو ئەگەر بێت و ئەو وشەیە لەو بەشەی دەربهێنیت هیچ لەمەبەستەکە ناگۆرێت.!! کەدەگەینە کۆتایی کتێبەکەیان گومان لەوەدا نامێنێتەوە کەلەلایەکەوە نەیانتوانیوە یەك لەسەر چواری کتێبەکەی من بەدرۆ بخەنەوە, لەلایەکی تریشەوە وەڵامی ئەو رەخنانەم نادەنەوە کەتێیدا بەروونی نوسیومن چ مەسەلەی سێکس بێت یان شەرعی ئیسلام بۆ ئافرەتان.!! دوورو نزیك نەیانتوانیوە لەسەر دەقە رەسەنەکە کە قورئانە شتێك بنوسن شایەنی خوێندنەوە بێت, ئەوان زیاتر لەچیرۆکەکاندا قسەیان هەیەو ئەوەی کتێبەکەی منیشی خوێندووەتەوە ئەو حەقیقەتەی بۆ دەردەکەوێت بەشی هەرە زۆری بەڵگەکانی ناو کتێبەکەم ئایەتەکانی قورئانن, یان دێن بە دوور لەو تەرجەمانەی بۆ قورئان کراوە خۆیان بۆ خۆیان تەرجەمەی دەکەن و هەموو ئەوانی دیکە بەهەڵە دەزانن, هەمووشمان دەزانین کەنوسەرەکەی (عومەر کەمال دەروێش) قەڵەمێکی بچووکی دنیای مەعریفەش نییەو دەزگاکەشیان لە دژی من دروست کردووەو دەیانەوێت درێژەی پێبدەن, کەواتە کەس لە پانتایی مەعریفەو رەخنەدا نایاناسێت و متمانەیان پەیدا نەکردووە, ئەوەی ئەوان نوسیویانە هەموو عەسرێك و هەموو رۆژانێکی هەینی لەمزگەوتەکانەوە دەیڵێن و دەیڵێنەوەو هیچ شتێکی تازەی تێدا نییە, من وەڵامی ئەو کتێبە دەدەمەوەو کاتم دەوێت, من پێشتر وتومەو وەك

بەڵگەش لەرێی راگەیاندنەکانەوە بڵاوکراوەتەوەو نوسیومە, مەرج نییە کتێبەکەم هەر هەمووی راستو دروست بێتو لەهەڵە دوور بێتو کەموکوڕی تێدا نەبێت بەڵکو تێیدایەو لەئێستادا من پێمنەزانیون, بەڵام ئەوەی جێی سەرنجی من بێت دوو خاڵە یەکێکیان دەزگای تیشکە کەلەپشت ئەم پرۆژەیەوە وەستاوەو بەخۆیان نەزانیووە کەوتوونەتە چ هەڵەیەکی گەورەوە چونکە ئەو کتێبە سەلماندنی راستییەکانی لای منن, دووهەم خودی نوسەرەکانە تازە بەتازە فێری نوسین دەبنو نازانن چۆن وەڵامی من بدەنەوە, لە ئیفلاسی فکردیدا پەنایان بۆ سوکایەتی من بردووە, بە خۆیان نازانن ئەگەر هەرچی تاوانی دونیا هەیە کردبێتم بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە کتێبەکەمەوە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچییەکیان کردبێت ئەوانیش وەك من نوسینیان نوسیوەو شمشێریان بەرز نەکردووەتەوە, لێرەدا خۆم بەبەختەوەر دەزانم بەهۆی منەوە فێری وەڵامی نوسین بوون نەك توندوتیژی.

کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کەئیسلامییەکان توانای دژایەتی کردنی چەمکە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەو کایە مەعریفییەکانیان نییە..!! چونکە لەناو دەقە پیرۆزەکانی ئیسلامیدا نە بنەمایەکی فەلسەفیو مەعریفی هەیە نە زانست.!! ئەوە راستە کە ئەوان بەردەوام دژایەتی دەکەن بەڵام لەسەر حسابی کەسایەتی نەك خوێندنەوەی فکری. هەر کات ئەو ئیسلامییانەی خۆیان بە نوسەر دەزانن چەمکی موقەددەسیان لە مێشکیاندا فڕێدایە دەرەوە ئەو کات هەموو لایەك سوودیان لێوەر دەگرێت. ئایا ئەوە راستە شتێك جێی رەخنە بێت بەڵام هەتا هەتایە نەتوانین رەخنە بگرین چونکە موقەددەسە.؟؟ لە راستیدا ئیسلامییەکان نایانەوێ لەبری دابونەرێتی خورافی کۆمەڵگایەکی مەدەنیو لەبری دەسەڵاتو دەوڵەتی تۆتالیتارییەت دەوڵەتێکی عەلمانی دروست ببێت. لەمەوە لەهەر شوێنێك رەخنە هەبوو دەڵێن ئەوە رەخنە نییە بەڵکو سوکایەتییە. لەبەرامبەریشدا چاوکرانەوەیەك هەیەو لەپەرەسەندندایە, بۆ نموونە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی بەکایە شارستانییەکانەوە هەیە, جیاوازییە پەروەردەییەکان پەیوەندی بەکایە زانستییەکانەوە هەیە, جیاوازییە فکرییەکان

به ئازادییەوە, جیاوازییە سیاسییەکان بەفرەیی و یەکتر قبوڵکردنەوە, جیهانگیری بەشۆڕشی تەکنەلۆجیاوە, ئابووری بەبازاڕی ئازادەوە..تاد

گۆران هەڵەبجەیی : پرسیارێکم هەیە دوو بڕگەیە, بڕێك لەڕۆشنبیران و زۆرێکیش لەڕەوتە ئیسلامییەکان دەڵێن ئاماانجی مەریوان هەڵەبجەیی بۆ هەندەران بوو کەئەوەش هاتە دی, تۆ چ دەبێژیت؟؟ ئیسلامییەکان دەڵێن تۆ سوکایەتیت بەموقەدەساتی ئیسلام کردووە کەلەقورئان و فەرموودەدا خۆی دەبینێتەوە, ئەوەش بەلایانەوە هێڵی سوورەو نابێت تەجاوز بکرێت.؟!؟

کێشەی سەرەکی هەڵلای کتێبەکەم لەم بیرۆکەیەوە سەریهەڵداوە کە ئیسلامییەکان ئیدیعای بۆ دەکەن, من نازانم زاراوەی سوکایەتی لەلای ئیسلام چی دەگەیەنێت.؟! من لەکتێبەکەمدا وتوومە مارە بەجاش ئیهانەکردنێکی گەورەیە بەژن, ئەوان دەڵێن راست نییەو مارە بەجاش لەئیسلامدا نییە, من دەڵێم ئەوە ئایەتەو لەسورەتی البقره (230) نوسراوە: {فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يَتَرَاجَعَا..}
بەپێی ئەم ئایەتە ئەگەر هاتوو مێردێك سێ جار ژنەکەی تەڵاق دا بۆی نییە بیگێڕێتەوە تا ئەم ژنەی لەگەڵ کەسێکی تر جووت نەبێت, جائەگەر ئەویش تەڵاقی دا ئەوکاتە هیچ گوناهێکی تێدا نییە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر. من پەیوەندیم بەوەوە نییە راڤەکاران چۆن تەفسیری ئەم ئایەتە دەکەن بەڵام رەخنە دەگرم و دەڵێم ئیسلام لەبری ئەوەی سزای پیاوەکە بدات چونکە پیاوەکە تەڵاقەکەی خستووەو هەڵە لەلای پیاوە کەچی ئیهانەی ژن دەکات و حوکمەکەش ئەوەیە دەبێت ئەو ژنە لەگەڵ یەکێکی تر جووت ببێت, رەخنە دەگرم و دەڵێم ئەم ناهەقییە بەرامبەر بەژن بۆ؟؟ بۆ لەبەرامبەر سزای پیاو کەرامەتی ژن دەشکێنن..؟؟ ئایا ئەم رەخنەیە سوکایەتییە یان حەقیقەتە؟؟ لەشفرۆشی بەلەشی کەنیزەکەوە دەکەن و ئەم نهێنییەم بەئایەت ئاشکرا کرد ئەمە سوکایەتییە یان حەقیقەتە؟؟ سەلماندوومە ئیسلام نەیزانیوە دیاردەی نێرەمووکی چییە, ئەمە

سوکایەتییە یان حەقیقەتە..؟؟ یەکە یەکە شێوەی دەستکەوتنی ژنانی پەیامبەرم باس کردووەو وەك مرۆڤێك لەو پێشەوایە دوواوم و ئەمەش بەئایەت ڕێگە پێدراوە، ئەمە سوکایەتییە یان حەقیقەتە..؟؟ باسی زیناو نێربازیو لەشفرۆشیو ئیغتیصاب لەئیسلامدا دەکەم و هەموویم بەئایەت و فەرموودەی صەحیح سەلماندووە، ئەمە سوکایەتییە یان حەقیقەتە..؟؟ کاتێك سوکایەتی دەکەم کەبوختان بکەم، ئەوە سوکایەتییە بەبێ ئایەت یان بەبێ فەرموودە باسی ڕوداوێکم کردبێت، یاخود لە خۆمەوە ڕووداوێکی مێژوویم دروست کردبێت، ئەوەی لەلای ئەوان قورس بوو ناوهێنانی کۆمەڵێك وشە بوو کەدەبوو بەشێوەیەکی دیکە بمنوسیبایە، بۆ نموونە ناوی عەورەتەکانم وەك خۆی نەهێنابایە، ئەمەش پەیوەندی نییە بەئیسلامەوە بەڵکو پەیوەندی بەشێوەی نوسینی منەوە هەیەو منیش ئازادام چۆن دەنووسم، وەك چۆن ئیسلامییەکان ئازادن لەوەی چۆن ئیهانەی ژنان دەکەن، وەك چۆن بەئازادی خۆیان دەتەقێننەوەو چۆنیان بوێت ئاوا مرۆڤ سەردەبڕن، وەك چۆن ئازادانە هاتوون شەرەفی پیاوەکانیان لەنێوان ڕانی ئافرەتەکانیاندا دەبیننەوە، وەك چۆن ئازادن لەوەی بەناوی شەرەفو حیجابەوە ژنان بخەنە ناو تورەکەوە، منیش ئازادم لەوەی وشە چۆن دەنوسم و هیچ کاتێکیش ئامادەنیم بەدڵی ئیسلامییەکان بنوسم هەرگیزیش بە دڵی ئەوان نانوسم..!! بە دڵی ئەوانە نانوسم کەپێیان وایە بەنوسینی ڕۆژنامە بوونەتە نوسەری چاك و بابەتی باش لەخراپ جیادەکەنەوە، ئەو کۆلکە نوسەرو ئیسلامییانە باباش تێبگەن لەوەی کتێبەکەم لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە هەڵسەنگێردراوەو لەڤێستیڤاڵێکدا ساڵی 2005 وەك بابەت و وەك لێکۆڵینەوەی زانستیش خەڵاتی دووهەمی لەسەر ئاستی کوردستان پێبەخشراوە..!! ئەوانەی وەك ئیسلامییەکان بیردەکەنەوەو نوسینەکە بەبازاڕیو سوکایەتی دەدەن لەقەڵەم بابچن گوێییستی قرخەقرخی ئەو ژنە بن کەچەقۆ لەملی دەسون و سەری دەبڕن ئەو کات بێن و فێرم کەن نوسین چۆن دەنوسرێت..!! ئەو کتێبەی من سوکایەتییە یاخود سەربڕین..؟؟ یان تەقینەوە..؟؟ یان دیکتاتۆری..؟؟ یان سەپاندنی خورافە..؟؟ لەلای من چ

فەرەنسا کەناهێڵێت لەزانکۆکاندا کچان سەرپۆش ببەستن چ ئیسلامییەکان کەبەزۆر حیجاب بەسەریاندا دەسەپێنن هەردوولا سوکایەتی بە ئافرەتان دەکەنو ئازادییەکانیان پێشێل دەکەن. لەکوێی کتێبەکەمدا باسم لە پەلوپۆ بڕین کردووە تاتۆمەتی سوکایەتییەکەیان سەربگرێت؟ ئیسلامییەکان ناتوانن یەك ڕەفتاری من لەسەر سوکایەتی بدۆزنەوە بەڵام من دەتوانم بەهەزاران سوکایەتییەکان دەستنیشان بکەمو دەیان ئایەت بۆ سوکایەتی دیاری بکەم.

**گۆران هەڵە بجەیی : لە نوسینەکاندا زۆر ڕەق و دڵگەرمیت, بۆ..؟؟**

مەریوان هەڵە بجەیی : چونکە کۆمەڵگایەکی پڕ لەچەوساندنەوەی ئایینیم بینی, لەرۆژنامەکانەوە رۆژانە هەواڵی کوشتنو تیرۆرکردنو سەربڕینی ژنانو ئازادیخوازانم دەخوێندەوە, هێزی شەرم لەدژی دیموکراتی بینی بۆیە ئەم کتێبەم نووسی. هەرچییەکیشم کردبێت وشەم نوسیوەو شمشێرم لەکەس بەرز نەکردووەتەوە.. ئەوان ساڵانێکە لەبەردەم رەخنەدا پاساوی سوکایەتیکردن بەئیسلام بەرز دەکەنەوە تاکۆمەڵێك ساویلکە لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوەو خوێنی نوسەرەکانی پێ حەڵاڵ بکەن. ئەوان لەرەخنە باکیان نەبوایە توندو تیژییان بەکار نەدەهێنا, دڵنیام لەوەی ئەگەر رەخنەکانم حەقیقەتیان نەبوایە هەر زۆر زوو وە زۆر بەئاسانی دەیانتوانی ئاستی کتێبەکە سفر بکەنەوە, ئەوان بەهەڵەدا کەوتن, لەجیاتی ئەوەی بەهای کەم بکەنەوە گەورەیان کرد, لەجیاتی ئەوەی لەبیر خەڵکی ببەنەوە کارێکیان کرد هەموو کەس پێی بزانێت. بە پێی ئەو ئامارەی لەبەردەستدا هەیە لە نێوان مانگی دوو تا مانگی حەوتی 2006 زیاد لەسەد هەزار کەس کتێبەکەی خوێنووەتەوە, بەم پێیەش خودی ئیسلامییەکان گەورەترین راگەیاندنیان بۆ کتێبەکە کردووە. بۆ مەسەلەی ئەوەی گوایە بۆ هەندەران ئەو کتێبەم نوسیوە کاتێك بۆچوونی ئەوان سەردەگرێت کە چیتر نەنوسم, دەبێ لەمەشدا یەکەم کەس بم ئەو بۆچوونەیان لەراستی خاڵی بکەمەوەو بیسەلمێنم کاری من بۆ هەندەران نەبووە بەڵکو رەخنەکان جددینو وە سەلماندوشمەو هەر لەم ساڵەداو لە مانگی هەشتدا بەرهەمێکی نوێم بڵاوکردەوە کە کتێبێکە چوارسەدو

ئەوەد لاپەڕەیە. (خوێندنەوەیەکی رەخنە گرانە بۆ ئیسلام, نوسینی دکتۆر کامل النجار. وەرگێڕانی برای بچوکتان) ئەو کاتەی ئەم کتێبەم خستە کتێبخانەکانەوە لە هەندەران بووم. برای ئازیز حەقیقەتێك هەیە لەلای کەسانی هوشیار شاراوە نییە, لەزانستو لۆژیکدا هێڵی سوور نییە..!! بوونی هێڵی سوور لەئیسلامدا واتە ئیفلاسی فکری لەبەردەم رەخنەو پرسیاردا..!! گەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەکانی پێشوو, واتە ئەو کاتانەی کەماوەیەك پتر لە سەد ساڵ بەسەر دەسەڵاتو بەسەر کلتوری ئیسلامدا تێپەڕ بووە, دەبینین لەهەموو کاتەکاندا بەرهەڵستکارێکی زۆر بەرەوڕووی ئەم ئایینە بۆتەوە, ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەئیسلام نەیتوانیوەو ناتوانێت وەڵامدەرەوەی هەموو پرسیارەکانی سەردەمی نوێ بێت. ناتوانێت وەڵامدەرەوەی رەخنەکان بێت.! گەر لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنییەتی دروستبوونی مەزهەبەکان بکەین دەبینین ئیسلامییەکان شانازییەکی گەورە بە هەبوونی مەزهەبەوە دەکەن لەکاتێکدا مەزهەب بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارو رەخنەی رەخنەگرانی مرۆڤەکان دروست بوو. هەر لەدوای مردنی پەیامبەری ئیسلام کە کەمترە لە سەدو پەنجا ساڵ دیاردەی مەزهەب دەردەکەوێت, مەزهەب دوو ئەرکی سەرەکی لەئەستۆ دەگرێت, لە لایەکەوە وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارو رەخنانەیە کەلەلایەن چینوتوێژەکانەوە سەرهەڵدەدات, پرسیارێك کەکاتی خۆی لەسەردەمی پەیامبەردا نەبووەو بەهۆی گۆرانکارییە ساسیو ئابووریو فەرهەنگیو لۆژیکیو گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکانەوە سەریهەڵداوەو لەهیچ گۆشەیەکی سەرچاوەکانی پێشتری ئیسلامدا وەڵامی نییەو نابێت, نە لە قورئانداو نە لە فەرموددا, لە لایەکی ترەوە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی پێ دەپارێزرێت کەلەو شوێنەدا دانەری مەزهەبەکە سەریهەڵداوە. ئەوەی جێی سەرنج بێت ئەوەیە ئەم مەزهەبانەش لە ناو خۆیاندا یەکتریان تەکفیرو تاوانبار کردووە. لێرەدا با بڕوانینە مێژوو بزانین ئیسلامو لەم مێژووەیدا چەند ڕووداوی سەرنج ڕاکێشیان لەو بارەیەوە تۆمار کردووە, کەقابیلی ئەوە نین لەبیر بچنەوە, بۆ نموونە:

ناكۆكی نێوان شافعیو حەنەفیەكان لەوولاَتی شام ئەوەندە گەورە بووە گەیشتۆتە ڕادەیەك شافعییەكان بچنەلای موفتی ولاَتو داوا بكەن كەمزگەوتی گەورەی شارییان بۆ بكات بەدوو بەشەوە, چونكە بەشێوەیەك حەنەفی دەبینن كەلەئەهلی زممە بن, واتە موسلْمان نەبن. یان ململانێی شافعییەكانو حەنەفیەكان گەیشتە ڕادەیەك چەند مزگەوتێكی یەكتر بسوتێنن. یاخود چەند جارێك كێشەو توندڕەوی وای لەلایەنگرانی ئەم دوو مەزهەبە كردووە لەهەر شوێنێك یەكتریان دیبێت پەلاماری یەكتریان داوەو شوێنكاری یەكدیان ڕووخاندووەو ماڵوموڵكی یەكتریان بەتالاَن بردووەو بازاڕو خوێدنگەی یەكتریان تێكوەمەكان داوە. حەنبەلییەكان فتوایان داوە هەر كەس حەنبەلی نەبێت موسلْمان نییە. (أبو بكر المقری) كەشافعی مەزهەب بووە, هەموو حەنبەلییەكانی بەكافر زانیوە. قازی دیمەشق كەحەنەفی بووە, گوتویەتی: ئەگەر بەدەستم بوایە سەرانە (جزیە)م لەشافعییەكان دەسەند. زانای بەناوبانگی شافعی (المظفر الطوسی) گوتویەتی: ئەگەر دەسالاَتم هەبوایە سەرانە(جزیە)م لەحەنەفی وەردەگرت. زۆر نموونەی دیكەش هەن كەلێرەداو لە چاوپێكەوتنێكی ئەوها كورتدا ناكرێت هەموویان باس بكەین.

كۆمەڵگا ئاوێنەی واقیعو ڕابردووەكانە. گەر دەوروبەرو بارودۆخو ژینگەو هۆكارەكانی گۆڕان لەقۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی دی ئامرازێكی ئامادەكراوی ئامانجو ڕەهەندەكانی كۆمەڵگایەكی مۆدێرن نەبن, مەحاڵە كۆمەڵگا لەژێر تاریكیو پریشكی واقیعە تاڵەكانی ڕابردوودا بتوانێت سنوور بشكێنێتو لەیاساو دەستووره كۆنەكاندا دەرباز ببێت. لەبەر ئەم هۆیە هەمیشە پرسیار دێتە گۆڕێو لەئەنجامی ئەم گۆڕانكارییە سروشتییەشدا ئیسلام بەرگەی قەتیس نەكردنی حوكمەكانی ناگرێو دەبێ گۆڕانكاری رووبدات بۆیە دەبینین مەزهەبی حەنەفی لەعێراق ساڵی(150)ی كۆچی بەدواوە ناسراو لەلایەن دەوڵەتی عەباسییەوە وەك مەزهەبێكی ڕەسمی لەئامێز گیرا. مەزهەبی مالكی لەشاری مەدینە لەساڵی لەساڵی (179)ی كۆچی بەدوواوە لەدایك بوو بەهۆی والی مەدینەوە پەرەی پێدرا. مەزهەبی شافعی لەعێراق لەساڵەكانی (195)ی كۆچی بەدوواوە گەورە بوو,

پاشتر بەهۆی والییەکانی شامو میسرەوە جێگیر بوو. مەزهەبی حەنبەلی لەدوای سالآنی (241)ی کۆچییەوە لەحیجاز بەرەو عێراقو شام هەنگاوی نا.. لێرەدا هەردوولا, دەقی قەتیسماوی ئایینو پرسیارو خواستەکانی کۆمەڵگا لەمەساری مێژوو لایانداوەو هەردوولا کاریگەرییان بەسەر شارستانیەتی مێژووەوە لەناوچەکاندا هەبووە, بەوەی لایەنێکیان – ئایینی ئیسلام – وەك هەر بلاوکراوەیەکی ئایینی کۆنپارێز سەپێنراوەو لایەکەی دیکەشیان ئیسلامبوونی کۆمەڵگا. هەروەها کلتوورو شارستانیەتی نیمچە دوورگەی عەرەبیش کەبەشێکە لەکلتوورو شارستانیەتی ئایینەکەو ئێستاشی لەگەڵ بێت وەك نەریتێکی زیندوو خۆی پارێزگاری لێدەکات, هۆکاری سەرەکی نەگۆڕانی هەمیشەیین.

لەدوای مەزهەب چۆڵکردنو بەجێهێشتنی کۆمەڵگا پێشکەوتوخوازەکانە, هەر ناوچەیەك شارستانییەتی پێشکەوتوو بێت یاخود هەر کۆمەڵگایەك پێشکەتوخواز بوبێت ئیسلام نەیتوانیوە لەوێ درێژە بەبەرنامەی بداتو ئەو ناوچەو کۆمەڵگایەی جێهێشتووە, بە مانایەکی تر پەراوێزکراوەو ئەویش بەناچاری رووی لەناوچەو کۆمەڵگا دوواکەوتووەکان کردووە. هەر لەبەر ئەمەشە کەدەوترێن زانستو زانیاریو شارستانییەتو کۆمەڵگای مەدەنییەتو حوکمی دیموکراتیو یاسای وەزعی زەمینەی بەرقەرارکردنی ئازادییەکانی ئینسانن. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگاو بارودۆخی فەرهەنگیو یاسایی هەمیشە بەرەو پێش دەچێت بۆ بەرگرتن لەمە تاکە رێگەیەك لەلای ئیسلامییەکان بەگژاچوونەوەی پێشکەوتنەکانو زانستو زانیاریو ئازادییە سەرەتاییەکانی ئینسانە, تا شمشێر هەبێت دەیوەشێنیو کەشمشێری نەما مزگەوت, کەمزگەوت نەما قسەلۆك, وەك ئەوەی بەرەخنەگرێك دەڵێن سوکایەتی کردووەو زۆر جاریش هێرش دەکەنە سەر کەسایەتییەکەی, وەك ئەوەی لەمزگەوتەکاندا ناوی خێزانو بنەماڵەیان بردم. وەك بۆم پێشنیارکردن گەر ئەوان بیانتوانیبایە یەك لەسەر چواری کتێبەکەمیان بەبەڵگەوە بەدرۆ بخستایەتەوە ئەو کاتە لەلایەکەوە دەیانسەلماند کەسوکایەتیم کردووەو لەلایەکی ترەوە شەڕەکەیان دەبردەوە نەك بەپێچەوانەوە بۆ هەموو لایەکیان

سەلماند کەلەبەرامبەر پرسیارو رەخنەی سەردەمدا هیچیان پێ نییە, هیچ..!! سفرن, سفر..!! رەخنەکانم سوکایەتی نین بەڵکو نیشاندانی ئازارەکانی ژنانە..!! لە کتێبەکەمدا ئەوە بەئاییینی ئیسلام دەڵێم کە ژنان لەکۆمەڵگای ئێمەی ئاییینیدا خوازیاری ئەوەن گورکێکی ئەو کێوانە بوونایەو ژن نەبونایە, ئافرەت هەبووە پێی وتووم ( حەزمدەکرد بەرازێکی وڵاتە دیموکراتییەکان بم و لەکۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا ئینسان نەبم ) لەکۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا گەورەترین چەوساندنەوەی مرۆڤایەتی ئەوەیە کەدەرهەق بەژن دەکرێت, لەبەرامبەر ئەمەشدا زۆرترین پرسارو گەورەترین رەخنە لەم رەهەندەوە سەرچاوە دەگرێ, کتێبەکەی منیش یەکێکە لەو پرسیارو رەخنانەو هی تریش بەرێوەیەو وەڵامی ئیسلامییەکانیش ئەوەیە گوایە سوکایەتیم کردووە یان بۆ هەندەران ئەم کارەم کردووە, لەراستیدا بەزەییم بەو کەسانەدا دێتەوە کەبەو شێوەیە بیردەکەنەوە. پێچەوانەکەی راستەو رووداوەکانیش ئەوەیان سەلماند کەئیسلامییەکان توشی ڤایرۆسی زانستی هاوچەرخ و ئیفلاسی فکری بوون.

**گۆران هەڵەبجەیی : بەرای تۆ ئیسلامی سیاسی توندرەو ئامادەیە بۆ دیالۆگ گەر زەمینەی گونجاوی بۆ خۆش بکرێت؟؟**

مەریوان هەڵەبجەیی : لەو کاتەوە فەرهەنگی (ئیسلامی سیاسی) بەربڵاوی بەخۆوە بینی کەلەنێو دوو زل هێزدا یەك دانەی ماوەتەوە, دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت وەك هێزێکی سیاسیو عەسکەریو جیۆپۆلۆتیکی هەرەسی هێنا ئەمریکا بووە تاکە زلهێزو بوو بەسەرداری دونیاو ئێستا نابینین کەس باسی میللەتە ژێردەستەکان بکات، ئەمرۆ هێزە بانکییەکانی جیهانگیری لەهەموو کەس و شوێنێك زیاتر لەدەستی دەسەڵاتەکانی رۆژئاوایەو لێرەدا ئیسلام لەبەردەم بەعەولەمەکردنی جیهاندا خۆی قوت دەکاتەوەو وەك هێزی دووهەمی کلاسیکی و مەکروه خۆی نیشان دەداتو داوە, ئەگەرچی ئەمریکا سیاسەتی لەناوچونی ئیسلامی وەك دین نییە بەڵام ئیسلامییەکان توانیویانە ئەمریکا وەك دوژمنی یەکەم بەجیهان بناسێنن, لەبەرامبەر ئەمەشدا ئەمریکا توانی ململانێکە

بگوازێتەوە بۆ ناو خودی ئیسلامییەکان, بۆ نموونە شەڕی ئیسلامییەکان تەنها لەو ناوچانەدایە کەئیسلامی تێدایە, گەرچی هەڵگری بەیداخێکی رەش لەلایەن ئیسلامییەکانەوە وای کرد لەناووەدا هەڵگەرانەوە دروست ببێت بەڵام سیاسەتی ئەمریکا درێژەی پێداوەو بەردەوام لەیارمەتیو داکۆکیدایە, بۆ نموونە قسەکردن لەسەر مەسەلەی ئازادییەکانی ژن لەرەهەندی بیرکردنەوەی ئەمریکادا نەبووە, بەڵکو هەڵایسانی ئەم بەربەرەکانێیەو ئەو رووبەرووبونەوە سەختەی کەئێستا توێژی ژنان بەرامبەر بەئیسلام هەیانە داهێنانێکی ئەمریکی نەبوو بەڵکو هوشیاری کۆمەڵگاو داهێنانێکی کۆمۆنیستیەو کۆمۆنیستەکان لەم مەسەلەیەدا لە پێشە پێشەوەن, وای لێهاتووە هەموو بەرنامەکانی چەپ لەلایەكو مەسەلەی ژنان لای ئەوان لەلایەکی تر, ئەمەش پێوەندگی خۆی هەیە بەو مانایەی ئازادی ژن دەکاتە ئازادە بەشەرییەت, دەوری ئەمریکاش پەرەپێدانەی سیاسەتەکەی خۆیەتی, لەلایەکەوە مەبەستێکی دیموکراتییەو لەلایەکی ترەوە مەشغوڵکردنی هێزە ئیسلامییەکانە بەناتەواوییەکانی خۆیەوە, لەراستیشدا ئەمریکا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆپەرستانە بەشوێن فراوانبوونی سیاسەتە جیهانیەکانی خۆیەوەیەتیو چەپەکانیش بەشوێن سۆشیالیستە لەدەستچووەکەی خۆیانو ئیسلامیش بەشوێن حەقیقەتی ونبوونی خۆیو کۆمەڵگاش بەرەو کرانەوە چوون, هەموو بەڵگەکان دەیسەلمێنن یەکەم ئایدۆلۆژیایەك بەرگری لەژن کردبێت کۆمۆنیستەکان بوون, هەر ئەوانیش زۆرترین باجیان دا, پێموایە زۆرترین ئەندامو لایەنگرانیشی لەژنانن, بەتاییەت ئەوانەی لەدەرەوەی وڵاتن, مومکینیش نییە ئیسلام سەرکەوتن بەدەست بهێنێتو هەر چەپەکان براوەن. ئەوەی لەم مەعمایەدا بۆ کۆمەڵگا دەمێنێتەوە ئەو پرۆژەیەیە کە ناونراوە مۆدێرنەو تا ئێستا موتەکامل نییەو لەجیهاندا هەمووی نەگەیشتووە بەپراکتیکو لەناوچەکانی ئێمەشدا کۆمەڵگاکامان رۆشنبیرییەکی بەرچاوی لەو بارەیەوە نییە. بەهەر لایەنێکیان بێت چ کۆمۆنیستەکان چ سیاسەتی ئەمریکاو چ خیتابی ئیسلامیو چ زانستو کلتورو پێگە کۆمەڵایەتییەکان, دابەشی دوو جۆر پانتایی یاساکان بوون,

یاسای ئاسمانیو یاسای وەزعی, بەواتایەكی دی یاسای میتافیزیكی لەگەڵ یاسای زەمەنیو زەویو دەستكردی مرۆڤایەتی, خیتابی ئایینی لەلایەكەوەو خیتابە ئایدۆلۆژیو مەعریفییەكان لەلایەكی دی, ئیستا ململانێیەكی گەورە لەنێوان یاسا بۆماوەییو كۆنپارێزەكانو یاسا مۆدرێنەكاندا هەیە, یاسا زەمەنییەكان قابیلی گۆڕانن‌و بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی كۆمەڵگاو سیاسەتی جیۆپۆلەتیكو مەسەلەی چینایەتیو ئابووریو زانست كاریگەری بەسەر داڕشتنی یاساكانەوە هەیەو هەموو كات قابیلی ئەوەیە دەستكاری یاساكانی بكرێت, ئەم یاسایانە دامەزراوەیەك دەینوسێتەوە لەئەقڵی سەردەم پێكهاتوونو لەگەڵ زانستو زانیارییەكاندا هەمیشە لەئاڵوگۆڕدان, بەڵام یاسا ئاسمانییەكان قابیلی گۆڕان نینو ئەو حوكمانەی كەسەدان ساڵە هاتوونەتە ئاراوە قەتیس نەماونو دەبێت تا ئەبەد وەك خۆیو بێكەموكوڕی جێبەجێ بكرێت..!! لێرەدا تاكی ئیماندار جا چ سیاسی بێت یان..نا ئامادەی گفتوگۆیەك نییە كەقسە لەسەر یاسا ئیلاهییەكان بكاتو هیچ كاتێك ئامادە نییە دەقی ئاسمانی لەگەڵ دەقی زەمەنی بەراورد بكات. هەر كاتێكیش بەسەریدا سە پا شەڕ دەكات, یاخود گەر یاسا ئیلاهییەكان جێبەجێ نەكران جارێكی دی شەڕ دەكاتەوە.

**گۆران هەڵەبجەیی : ئەوەت لەبیر نەچێت هەندێك ئیسلامی باس لەدیموكراتییەتی ئایین دەكەن..!!**

مەریوان هەڵەبجەیی : ئەو كەسانە نە شارەزای مێژووی ئایینن نە شارەزای دەقەكانی ئیسلامن..! ڕەنگە فازل قەرەداخی ڕاستگۆترین نوسەری ئیسلامی بێت بۆ ئەم مەبەستەی من.! ئەو ڕۆشنبیرو سیاسییە ئیسلامییەی باس لەگفتوگۆی جوانو دیموكراتیو یەكسانیو مافی مرۆڤو پێكەوە ژیانو ئاسودەیی دەكاتو ئایەتت بۆ دەهێنێت من سێ ئەوەندە ئایەتی قورئانی بۆ دەهێنم كە پێچەوانەكەی ڕاستە. ئەو حاڵەتەی ئێستا لەنێوان ئیسلامییەكانو عەلمانییەكاندا دەبینرێت دیاردەیەكی كاتییەو تا سەر نییە, لەڕاستیدا دەبێت خوێندنەوەیەكی دیكە بۆ دیموكراتییەت لەناو كۆمەڵگا ئیسلامییەكاندا بكەینەوە, چونكە پێگەی دیموكراتی بەو وێنەیەی

که هەیە بۆ ئێستای ئیسلامییەکان ناجۆرەو سوودی لێوەردەگرن, بەو مانایەی ئەم چەمکە لەلاوازی ئیسلامییەکاندا قابیلی قبوڵەو لەدەسەڵاتی ئیسلامییەکاندا دەخرێتە ژێر حوکمی ئایەتەکانەوەو بەیەك فەرمووده حەرام دەکرێت. گەر زەمینەی گونجاو بۆ ئیسلامگەراکان هاتە پێش بەهیچ شێوەیەك ئامادەی گفتوگۆ نابن چونکە بە پێی دەق ئەو کەسانە پێی کافر دەبن.

گۆران هەڵە بجەیی : گەر مەلا کرێکار داوای روبەروبوونەوەت لێبکات بۆ نموونە لەسەر پاڵتالك لەئینتەرنێتدا یاخود لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن تۆ ئامادەی ئەوەیت؟؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە بەشی شەشەمدا بڵاودەکرێتەوە